Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090111

# ئاستی خۆگونجاندنی دەرونی خوێندکارانی دەرەوەی شار لە زانکۆی گەرمیان

سەیران محمد رشید

**بەشەی باخچەی منداڵان // کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت // زانکۆی گەرمیان**

**پوختە**

گونجاندنی دەرونی ، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی زانستی دەروناسی ، لەبنەڕەت دا لەزانستی بایۆلۆژیەوە وەرگیراوە ، لەڕێگەی گونجاندنی تاکەوە بریار لەسەر ڕادەی دەروندروستی تاک دەدرێت ، دەروون دروستە یان شڵەژاوە ؟ چونکە ئەگەر تاک لە پەیوەندیەکانی دا گونجاندنی هەبێت ، ئەم گونجاندنە ئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆکەسایەتی تاک ، ئەم توێژینەوە: ( ئاستی خۆگونجاندنی دەرونی خوێندکارانی دەرەوەی شار، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ لەزانکۆی گەرمیان _ توێژینەوەیەکی مەیدانیە ) .ئامانجی ئەم توێژینەوە (پێوانی ئاستی خۆگونجاندنی دەرونی خوێندکارانی دەرەوەی شارە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت /زانکۆی گەرمیان) .نمونەی ئەم توێژینەوە کە پێکهاتبوو لە (٤٩) خوێندکاری دەرەوەی شار لەبەشەکانی ( کوردی ، عەرەبی ، کۆمەڵایەتی ، وەرزش ) . سەرجەم قۆناغەکانی ئەو بەشانە بەشێوەیەکی هەرەمەکی وەرگیراون ، میتۆدی ئەم توێژینەوە وەسفی شیکاریە . توێژینەوەکە گەشتووەتە ئەو ئەنجامەی هەستکردنی خوێندکارانی دەرەوەی شار بەخۆگونجاندنی دەرونی لەگەڵ خودو دەوروبەردا لە ئاستێکی باشدایە.

## rticle Info

Received: January, 2022
Accepted : February,2022
Published :April ,2022

## Keywords

گونجاندنی دەرونی، خوێندکارانی دەرەوەی شار، خود گونجاندن، گونجاندنی کۆمەڵایەتی.

## Corresponding Author

sairan.mohammed@garmian.edu.krd

## پێشەکی:

بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان

یەکەم : کێشەی توێژینەوە (Problem of the Research )

گونجاندنی دەرونی ئەرێنی و دەروندروستی تاک پیشان دەدات لەگەڵ خودی خۆی دەوروبەری دا . گونجاندنی دەرونی کاریگەری لەسەر تاک دەبێت لە پەیوەندی بە کۆمەڵایەتیەکانی دا سەرکەوت و گونجاوبێت ، دوربێت لە شڵەژانە دەرونیەکان کە لەسەردەمی ئەمرۆدا تاکێکی زۆر بەدەست نەخۆشیە دەرونیەکانەوە دەناڵێنن . نەخۆش کەوتنی تاک لەڕوی دەرونی یەوە بەرهەمی تاک کەم دەکاتەوە ، بۆچینێکی رۆشنبیری وەک خوێندکارانی زانکۆ ، کە هۆکاری بەرەوە پێش بردنی کۆمەڵگەن ،کاریگەری نەرێنی دەبێت . ئەو هۆکارە کە پاڵنەری توێژەربوو بۆئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە ، ئەوەیە کە رادەی گونجاندنی دەرونی ، خوێندکارانی دەرەوەی شاری بۆ دەربکەوێت ، لەگەڵ خودو هەروەها لەگەڵ هاوپۆلەکانیان دا .کاتێک تاک سەرەتای تەمەنی لاویەتیتی و دور دەبێت لەماڵ و پشت بەخۆی دەبەستێت لەداخلی لەهەموو کاروبارەکانی دا ، رەنگە بۆ هەندێ خوێندکار قورسبێت کە دوربکەوێتەوە لە ماڵەوە ، دەست پێکردنی بە ژیانێکی نوێ لە ناو زانکۆو داخلی دا. هەر رەفتارێک ، دەرهاویشتەی بارودۆخی دەرونی تاکە . خۆ ئەگەر تاک گونجاندنی هەبێت لەڕوی دەرونیەوە ، ئەوە گونجاودەبێت لەگەڵ هاوڕۆرەکانی و هاوپۆلەکانی و مامۆستاکانی دا. گونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی خوێندکار پاڵنەردەبێت کە خوێندکار بەدوای زانیاری دا بگەڕێت سەبارەت بە بابەتەکانی کە لە محازەرەکان دا وەری دەگرێت . خوێندکار ڕادێت بۆ قۆناغێکی نوێی ژیان لەداهاتوودا .

توێژەر دەیەوێت بگات بەوەی کە خوێندکارانی دەرەوەی شار تاچ رادەیەک دەگونجێن لەڕوی دەرونیەوە لەگەڵ خودو دەوروبەردا؟

دووەم :گرنگی توێژینەوە(Importance of the Research )

ئەم توێژینەوەیە باس لە بابەتێکی زیندوو سەردەمیانە دەکات ، کە بەڕای توێژەرو زۆربەی دەروونناس و ڕوشنبیران جەستە و دەرون دوڕوی یەک دراو کاردەکەن ، کار لە سەر چالاکیەکانی تاک دەکەن . ئەگەر تاک لەڕوی دەرونیەوە ساغ بوو ، ئەو کاتە دەرهاویشتەکانی کە خۆیان لە وتەوو ، ڕەفتار دەبیننەوە ئەرێنی دەبن(فەهمی ، ٢٠١٢) . توێژەر ئەیەوێت بزانێت تاچ رادەیەک خوێندکاران وەک تاکێک لە لەتاکەکانی کۆمەڵ گونجاندنی دەرونیان لەگەڵ خودو دەوروبەردا هەیە ؟ چونکە ئێمەی مرۆڤ بەبێ تاکەکانی کۆمەڵگە ناتوانین دەروندروست بین بەهۆی ئەوکارو کاردانەوانەی کە خۆی لە پرکردنەوەی پێداویستیەکانی تاک دا دەبینێتەوەلە روی دەرونی وکۆمەڵایەتیەوە تاک لەناو کۆمەڵگەدا دەتوانی بەدەستیان بهێنێت . کەواتە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە کاریگەریان لەسەریەکتر دەبێت و هەندێ جار ئەگەر تاک بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ خودی خۆی نەکات توشی نیگەرانی دەرونی دەکرێت و تورەو شڵەژاو دەبێت ، بەڵام ئەگەر تاک رۆشنبیرو ئەرێنی بێت و کۆنترۆڵی بیرکردنەوە نەرێنیەکانی بکات کە ئەمانە یەکێکن لە تایبەتمەندیەکانی تاکی دەرون گونجاو ئەمەش ڕۆڵ دەبینی لە گەڕان بەدوای ئارامی دا ووە دۆزینەوەی هەرڕێگەچارەیەک و ودەتوانێت خۆی فێری هەندێ تەکنیک بکات کە سود لەلای ڕاستی مێشک وەربگریت و کەبونیاتنەرانەکاربکات و کێشەو گیرو گرفتەکان چارەسەر بکات وە هەروەها لەسەر ئاستی نائاگای دەتوانین زۆرشت تێبگەین و هەرسی بکەین هێزی خەیاڵ و بڕیاردان و پێشنیاری پۆزەتیڤانە وادەکات کە سیستەمی پاراستن و خودپارێزی بەرەو باشتر ببرێت (بوزان ، ٢٠١٠). .

سێیەم : ئامانجی توێژینەوە

پێوانەی ئاستی خۆگونجاندنی دەرونی خوێندکارانی دەرەوەی شار لەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت .

چوارەم :سنوری توێژینەوە

-سنوری شوێن : کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت .

-سنوری مرۆی : خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بۆساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١

-سنوری کات : ٢٠٢١/٢/٢٠-٢٠٢١/٥/١

پێنجەم :ناساندنی چەمکەکان

٥-١-خۆگونجاندنی دەرونی : بریتیە لە هەوڵێک بۆرووبەڕووبونەوەی تاک ، لەنێوان داواکاریەکانی خودو داواکاریەکانی ژینگەکەی (ویس، ٢٠١٠: ١٩٢) .

_پێناسەی رێکاری: کاتێک تاک لەڕوی دەرونی ،جەستەییەوە تەندروست بوو ، ئەو کاتە دەتوانێت لەگەڵ پێشهاتەکانیشدا بگونجێت.

٥-٢ خوێندکاری زانکۆ : ئەو تاکانەن کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی خوێندندان ، کە خۆیان ئەوبەشەیان دیاری کردووە کە لێی وەرگیراون ، هەروەها کە پرۆگرامێک بەکاردێنن هەندیجار مامۆستای بابەتەکە دای ناوە و هەندێجاریش لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دانراوە (سالح،٢٠١٦:١٨٠) .

_پێناسەی رێکاری : بریتیە لەو تاکانەی کە پۆلی (١٢) یان تەواو کردووە ( وێژەی ، زانستی ) بێت پاشان لەڕێگەی فۆرمێکەوە بەشی دڵخوازی خۆیان پرکردوتەوەو وەرگیراون لە زانکۆ.

٥-٣-دەرەوەی شار: بەو خوێندکارانە دەوترێت کە لەدەرەوەی ئەو شارەبن کە تیایدا دەخوێنن .

-پێناسەی رێکاری : بەو خوێندکارانە دەڵێن کە لە داخلی دەمێننەوە ، یان لەدەوروبەری شاردان و هاتوچۆدەکەن .

بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

بەشی دووەم : تەوەری یەکەم :توێژینەوە پێشووەکان

٢-١-توێژینەوەی (لورا، ئەی داس ،نێری : ٢٠١٢)

ناونیشانی توێژینەوە:  (ڕاهاتن لەگەڵ سترێس و خۆگونجاندنی دەرونی خوێندکارانی دەرەوەی  لە زانکۆکانی ئەو روپا).

ئامانجی توێژینەوەکە:  زانینی ڕاهاتنی ستریس و خۆگونجاندنی دەرونی خوێنکارانی دەرەوەی شار لەزانکۆکانی ئەوروپا.

نموونەی توێژینەوەکە:  ٣٥٦ خوێندکار، ٢٥٨ خوێندکاری ناخۆ ، ٩٨ خوێندکاری دەرەوەی شار.

میتۆدی توێژینەوە :وەسفی بەکارهێناوە .

ئەنجامی توێژینەوەکە خوێندکارانی دەروەی شار سترسیان لەسەر بووە بە بەراوردبە خوێندکارانی ناخۆی شارەکە

٢-٢ توێژینەوەی (یەڵدا ،ئەی هان ، ڕەند:٢٠٠٩)

(خۆگونجاندنی دەرونی خوێندکارەتورکەکان لە زانکۆکانی ئەمریکا).

ناونیشانی توێژینەوەکە

ئامانجە توێژینەوەکە : زانینی خۆگونجاندنی دەرونی خوێندکارە تورکەکان لە زانکۆکانی ئەمریکا.

نمونەی توێژینەوەکە :١٢٤ خوێندکار.

میتۆدی توێژینەوە :وەسفی بەکارهێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە   پەیوەندی کۆمەلایەتی و باوەربەخۆبونی خوێندکارەتورکەکان وا دەکات زیاتر گونجاوبن.

٢-٣ توێژینەوەی (زەنگ، یێری :٢٠٠٧ ).

ناونیشانی توێژینەوە : خوگونجانی دەرونی خوێندکارانی چین لەولاتی کەندا.

ئامانجی توێژینەوەکە : زانینی خوگونجاندی دەرونی خوێندکارانی چین لەولاتی کەنەدا .

میتۆدی توێژینەوەکە : وەسفی بەکارهێناوە.

نمونەی توێژینەوە : ١- ٢٨ خوێندکاری ئاوارەی چین لەکەنەدا ، ٢-٣٠ خوێندکاری کەنەدی  وەرگرتبوو(خوێندکاری ناوخۆ ) ، ٣- ٣٣ خوێندکاری نەچینی نەکەندی .

ئەنجامی توێژینەوە :  زمان کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ئاستی گونجانی دەرونی  خوێندکاران

-لاوازی زمانی ئینگلیزی چینیەکان کە ئاوارەبوون   لەکەنەدا بوبەهۆی لاوازی خۆگونجانی دەرونییان بەڵام دوگروپەکەی تر گونجانیان باشتربوو بەهۆی باشی زمانیانەوە.

. )ڕینی ، دوکێل ، سچیتەر: ١٩٩٩(٢- ٤ توێژینەوەی

ناونیشانی توێژینەوەکە (خۆگونجاندنی دەرونی دایک لەکاتی سکپڕیداو کاریگەری لەسەر منداڵ دوای لەدایکبوون)

زانینی خۆگونجانی دەرونی دایک لەکاتی سکپڕی داو کاریگەری لەسەر منداڵ دوای لەدایک بون ئامانجی توێژینەوە:

میتۆدی توێژینەوە: ئەزمونگەری .

ئەنجامی توێژینەوە : -توێژەر گەشتووەتە ئەوەدەرئەنجامەی کە ئەوەدایکانەی  لە بارو دۆخێکی ئارامی دەرونی دان ، هەروەها لەڕوی ڕۆشنبیری و مادیەوە  لە ئاستێکی باشدان کاریگەری لەسەر بارودۆخی دەرونی منداڵەکەیان دەبێت  ئارامن و کەمتر دەگرین ، هەروەهالەڕوی جەستەیشەوە منداڵەکەیان کێشی گونجاوە .ئەو دایکانەی کە نائارامن لەڕوی دەرونیەوەو لەڕوی ڕۆشنبیری و مادیەوو لاوازن ،  منداڵەکەیان زۆر دەگرین و هەروەها کاریگەری جەستەیشی دەبێت ،کێشی منداڵەکەیان  لاواز دەبێت .

بەشی دووەم : تەوەری دووەم ( چواچێوەی تیۆری توێژینەوەکە)

٢-٢-١ : خۆگونجاندنی دەرونی خوێندکارانی دەرەوەی شارلەناو داخلی و هەروەها لەگەڵ خوێندکارانی ناو شار دا

ئەگەر تەماشای   داخلیەکان بکەین ، دەبینین کۆمەڵێ خوێندکاری دەرەوەی  شاری تێدایە ، کە هەریەکەیان لە شارێکی هەرێمی کوردستانەوە هاتوون ، هەرچەندە هەمووان کوردین ، بەڵام ڕەنگە جیاوازی  کلتوری و پەروەردەی خێزانی و ئەتەکێتی مامەڵکردنمان جیاوازبێت ، کە هەر ژورێک دو بۆ سێ خوێندکاری تیادایە . هەندێ جار خوێندکارانی یەک ژوور لە شاری جیاوازەوە هاتوون . هەمووان دەزانین مرۆڤ بەگشتی و  خوێندکاران بەتایبەتی پێویستیان بە ئارامی و ئاسایشی دەرونیە کە یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی هەرەمەکەی ماسلۆ . بۆ ئەوەی لەڕوی دەرونیەوە خوێندکار بگونجێت لەگەڵ هاوژورەکانی دا  کە ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر باگراوندی پەروەردەی ئەو خوێندکارە ڕۆڵ دەبینێت لە ئاستی خۆگونجاندنی . پەروەردەی خێزان بنەمایەکە بۆ دروست بونی کەسایەتی تاک ، پەروەردە کاردانەوەی دەبێت  لە دروستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی  تاک ، خوێندکاری دەرەوەی شار پاڵنەریان  بۆ دروست دەبێت ، بۆ چۆنیەتی ژیان کردن لە داهاتوودا دەتوانین  بڵێن تاڕادەیەکی زۆر رادێن لەگەڵ ژیانی هاوبەشی دا ، گونجاندنی دەرونی لە قۆناغەکانی زانکۆدا   یارمەتی خوێندکار دەدات لەڕادەی گونجاندنیان لەژیانی هاوسەرێتی دا لە داهاتوو ، خوێندکارانی دەرەوەی شار لە داخلی دا شارەزادەبن لە شێوازی پەروەردەی خێزانەکانی ترو سود لە خاڵە بەهێزی هاوژورو هاورێیانیان وەردەگرن ، هەروەها شارەزای شێوازی مەسرەفکردن دەبن و دوریان لە  دایک و باوک و خێزان یارمەتیان دەدات کە پشت بە خۆیان ببەستن و  هەر ئەو دوریە هاوکاریان  دەبێت بۆخۆگونجاندی دەرونیان بۆ ئێستا و داهاتوو. خۆگونجاندنی دەرونی چیە ؟ پرۆسەی گونجاندن پرۆسەیەکی خودی و تایبەتیە ، تاک کە گونجاندنی هە بوو واتا  دەتوانێت خۆی بگونجێنی لەگەڵ ناکۆکیە هەستی و نەستیەکانی دا ، وەڵامی گوڕانکاریە نوێیەکان بە گونجاندن دەداتەوە . کەسی گونجاندنی دەرونی هەبێت ، بریتیە لەو کەسەی کە خاوەنی (من) ی چالاکە و زاڵە بەسەر (ئەو ، منی باڵا) دا . هەروەها بتوانێت هاوسەنگی بپارێزێت ، لەنێوان پێداویستیەکانی (ئەو) و ئاگادارکردنەوەکانی (منی

باڵا)دا . کاتێک جەستە لە دۆخی پێداویستی دا دەبێت گرژی و فشار دروست دەکات ، ئەو کاتە مرۆڤ هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی ئەو گرژییە لەڕێگەی تێرکردنی پێداویستیەکانیەوە ( حەمەصالح ، ٢٠١٩: ٤٦). گونجاندنی خودی ئەوەیە تاک لەخۆی ڕازی بێت ، متمانەی بەخوی لاواز نەبێت ، هەروەها لەڕوی دۆخی دەرونیشیەوە شڵەژاو ، ململانێی دەرونی ئەوتۆی نەبێت ، کە هەست بە گوناە ، دڵڕاوکێ ، بەزەیهاتنەوە بەخوددا لەلادروست ببێت. لەپێکهاتە سەرەکیەکانی ئەم ڕەهەندەی گونجاندن و تێرکردنی پاڵنەرە جۆراو جۆرەکانی تاکە ، بەشێوەیەک تاک و کۆمەڵگەیش لەیەک کاتدا پەسەندی بکەن یان تێرکردنەکان بە جۆرێک بێت کە زیان بە کۆمەڵگە نەگەیەنێت .کاتێک کە باس لە پاڵنەرەکان دەکەین ، نابێت (ویژدان) لە یاد بکەین ، چونکە ویژدان ئەو دەسەڵاتە ناوەکیەیە کە لەیەک کاتدا چاودێریمان دەکات ، ڕووبەڕوومان دەبێتەوە و ڕزگارمان دەکات و سزایسمان دەدات . ئەو تاکانەی کە لەگەڵ خۆیان دا ناگونجێن ، کەسێکە گرفتاری جەنگێکی ناوەکی بۆتەوە ، کەوزەیەکی زۆر لەو تاکە بەفیڕۆ دەدات ، تاکی نەگونجاو توانای بەردەوامی و بەرهەم و تێکۆشانی نییە ، چونکە ململانێی دەرونیە ناوەکیەکان هێز و وزەیان نەهێشتووە . ناتوانێت لەبەردەم قەیران و تەنگانەدا خۆی کۆنترۆڵبکات و بەئارام بێت . ئەگەرتوشی گرفت ببێت درککردن و بیرکردنەوەی دەشێوێت و هاوسەنگی لەدەست دەدات (فەهمی،٢٠١٢: ٣٩).

٢-٢ :خودگونجان لەگەڵ پێداویستییە ناوەکی و دەرەکیەکان دا

گونجاندنی تاک(خوێندکار) لەگەڵ خود و پەیوەندی بە کاردانەوەکانیەوە لەگەڵ دەوروبەردا. گونجاندنی تاک واتا ئەو بارەباشەی کە تاک تیایدا تواناکانی خۆی دەزانێت ، دەتوانێت هەڵ بکات لەگەڵ تەنگژەکانی ژیان و شوێنی مانەوەی لەشارێکی تردا ئەمەش پاڵنەرێک دەبێت ، بۆپشت بەستن بەخۆی لەکاروبارەکانی ژیان دا ، بەشێوەیەکی بەرهەمدار کاربکات و بتوانێت هاوکار بێت لە کۆمەڵگەدا . هەروەها گونجاندن بریتیە لە چالاکی ، هاوسەنگی . (محمد ، ٢٠٢٠ : ١٢) . کاتێک مرۆڤ گونجاندنی دەبێت لەگەڵ خوددا بەتایبەت لەبارودۆخێکی نالەباری وەک ئەمرۆدا ، کەقەیرانی دارای و ڤایرۆسە کۆرۆنا لەئارادان بەڕاستی پێویستی بە تێکۆشان و هەوڵ و ماندووبوون هەیە بۆئەوەی تاک بتوانێت پەرە بە پەیوەندیەکی تەندروست لەگەڵ خود دەوروبەردا بدات . خوێندکارانی دەرەوەی شار لەو زانکۆی کە دەخوێنن پێویستیان بە ئارامی و ئاسایشی دەرونی هەیە ، کە مانەوەیان لەداخلی و ئەو پێداویستیە مادی و مەعنەویەی کەهەیانە ، پڕکردنەوەی یارمەتی دەردەبێت بۆ خود گونجاندنی دەرونی و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندیەکانی لەگەڵ خوێندکارانی ناوەوەی شارو خوێندکارانی هاوڕێییان (فەقێ، ٢٠١٠: ٣١) . بەڵام ئەگەر تاک هەستی بە سەقامگیری و ئارامی ئاسایشی دەرونی نەکرد کە یەکێکە لە پێداویستیە گرنگەکانی مرۆڤ ، ئەو کاتە ناتوانێ وەکو پێویست ئەرکەکانی ئەنجام بدات ، بەم جۆرە ئەو تاکە ناتوانێت وەک و پێویست ڕەفتاری ئەرێنی بێت لەگەڵ دەوروبەردا ، کەئەمەش زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت و چونکە تاکی نادروست بەرهەم دەێنێت .

گرنگترین ئو مەرجانەی کە گونجاندنی تاک پێکدێنێت ، ئەو ژینگەیە کە تاک تیایدا دەژی و لەڕێگەیەوە پێداویستیەکانی بەدەست دەهێنێت . ئەگەر ژینگە نەیتوانی پێداویستیەکان بەدیبهێنێت ، ئەوە دەبێتە هۆی بێهیوای و تێکچونی هاوسەنگی و نەگونجاندن. پیداویستیەکان دەکرێن بە دووبەشەوە :

٢-٢-١-پیداویستیە ناوەکیەکان : واتە پیداویستیە بۆماوەییەکان ئەم جۆرە پێداویستیانە لە وروژاندنەکانیان دا پشت بە دۆخە جەستەیی و ناوەکیەکان دەبەستن ، چونکە مرۆڤ لە پێناو پاراستنی ژیانی دا ، پێویستە چەندین پێداویستی بۆ دەستەبەربکرێت ، کە هەندێکیان کار بۆ بونە ئەندامیەکەی و بەرگری کردن لە تاکێتیە بایۆلۆژیەکەی دەکەن ، لەکاتێکدا هەندیکیان کار بۆ مانەوەی جۆر دەکەن . جا بۆئەوەی بژین و خۆمان لەهۆکارەکانی داڕوخانی ناو خۆمان بپارێزین ، پێویستە خۆراک و خواردنەوە بە لەشمان بگەیەنین.

٢-٢-٢-پێداوستی و داواکاریە دەرەکیەکان : ئەگەر هەندێ پێداویستی وەکو سۆزەکان باسبکەین ، دەبینین لە ژێر سایەی چەند هەلومەرجێکی جۆراوجۆری تاکەوە دروست دەبن ، هەروەها بە ژینگەی دەوروبەر کاریگەر دەبن ، بۆ نمونە منداڵ لە هەفتەی یەکەم دا ، پەیوەندی لەگەڵ دایکی دا لەسەر بنەمای بەدیهێنانی پێداویستیەکانی بونیاتنراوە ، چونکە دایک بۆمنداڵ سەرچاوەی (خواردن ، خواردنەوە ، چێژی هەستی ، ئارامی دەونی ) کە پەیوەندی بە لایەنی جەستەییەوەهەیە ، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی لایەنی جەستەی و ئەقڵی دا دەتوانێت خۆی و دایکی لەیەک جیابکاتەوە .

٢-٢-٣ : پێوەرەکانی گونجاندن

کە باس لە تاکی گونجاو نەگونجاو دەکرێت ، ئەمە پێوەرێکی هەرەمەکی نیە ، بەڵکو ژمارەیە ، پێوەر هەیە کە بەکاردێن بۆ پێوانەکردنی ڕەفتاری تاک ، کە لەڕێگەیانەوە بڕیار لەسەر ئاسای ، نائاسای ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک دەدرێت ، ئەو پێوەرانەیش ئەمانەی خوارەوەن

٢-٢-٣-١ -پێوەری خودی : واتا تاک خۆی بڕیاردەدات لەسەر ڕەفتارەکانی کە ئاساین یان لادەرن ، لە چوارچێوەی ئەو کردارانەی کەدەیکات و دەیبینێت ، ڕەفتاری ئەرێنی هەستی ئارامی بۆ خاوەنەکەی دەستەبەردەکات و ،هەروەهادوری دەخاتەوە لە شڵەژانی دەرونی ، توانای بەدیهێنانی ئامانجەکانی زیاد دەکات ، بەڵام تاکی ڕەفتار نائاسای ، هەمیشە هەست بە کەم و کوڕی و نائارامی دەرونی دەکات ، لە ئەنجامی ڕەفتاری نائاساییەوە ناتوانێت بگونجێت لە گەڵ خود و دەوروبەردا ئەم هۆکارانەیش وادەکات کە چێژلە ژیان نەبینێت (السفاسفە،٢٠٠٥ : ٢٥) .

.

٢-٢-٣-٢پێوەری کۆمەڵایەتی : هەر کۆمەڵگەیەک تاکەکانی لەسەربنەمای ڕێزگرتنی کۆمەڵی پێوەر و بەها و داب و نەریت پەروەردە دەکات ، کە پێویستە تاکەکان پابەندبن پێیانەوە . بونی گونجاندن لەنێوان ڕەفتارەکانی تاک و بەهاکانی کۆمەڵگەدا بە ئاسایی دادەنرێت . نەگونجاندنی تاک لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگەدا بە نائاسایی دادەنرێت ، چونکە پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان ڕەفتاری ئاسای و نائاسای لەکۆمەڵگەدا دیاریدەکەن .

٢-٢-٣-٣-پێوەری نمونەیی : واتا بە نمونەی تاک و نزیکی لە کەمالیەتەوە ، کەسێتی دروست نزیکە لەنمونەی باڵاوە کەسێتی لادەر لای داوە لە نمونەی باڵاو کەمالیەتەوە

٢-٢-٣-٤-پێوەری ئاماری : تاک ڕەفتاری نائاسای زۆر دوبارە دەکاتەوە وە ئەو ڕەفتارانە دورە لە ڕەفتاری ئاساییەوە واتا شیاو نیە.

٢-٢-٣-٥-پێوەری ئاینی : ئەو ڕەفتارانەیە کە دەروندروستی تاک پیشان دەدەن ، ئەو کردارانەیە کە ئاین ڕێی پێدەدات ، وە نەکردنی ئەو کارانەی کە ئاین حەرامی کردووە (الزبیدی ، ٢٠٠٩: ١٦) .

٢-٢-٤ خود گونجاندن و ستراتیژی بەرگریکردنی تاک

بریتیە لە هەوڵی تاک بۆکەمکردنەوەی فشارەکان و داواکاریە ناوەکی و دەرەکیەکانی تاک ، کە هەڕەشەو زەرەرمەندن یۆ سەر ڕەفتارەکانی تاک و زیان گەیاندن بەکەسایەتی تاک، کەئەمانەش دەکرێن بە دوو بەشەوە

-بەرگریکردن لەبارەی هەڵچونەوە

بریتیە لە پرۆسە ڕەفتاریە زانستیەکان ، کە مرۆڤ بە مەبەستی کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و هوڵچونەکانی بەکاریدەهێنێت ، لەوانە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بەشێوەیەکی لۆژیکیانە تر

-بەرگریکردن لە بەرانبەر کێشەیەک

هۆکارێکە تاک بۆ ڕوبەڕوبونەوەی بارودۆخێک بەکاریدەهێنێت ، بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراو بۆ گۆڕینی بارودۆخێکی تر ، واتە تاک گرنگی بە خودو ژینگەکەی دەدات ، بەرگریکردن کاریگەر دەبێت بۆ ئاڕاستەکردن و بیرۆکەی گرنگ بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی تاک، و بەشێوەیکی تەندروست و دوور لە هەڵچون.

٢-٢-٥ هۆکارە سەرەکیەکانی دروستکردنی گونجاندنی تاکەکەس

٢-٢-٥ -١-بونی کارامەی لە پرکردنەوەی پێداویستیەکان : گونجاندن دەرئەنجامی شارەزایی و ئەزمونەکانی تاکەکەسە ، هەروەها گونجاندن کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی فێربوون و ئاشنابوونی تاک ، بەو ڕێگا جۆراوجۆرانەی کە تاک پێداویستیەکانی لەڕێگەیەوە بەدیدەهێنێت . فرۆید جەخت لەسەر گرنگی پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ دەکاتەوە کە تیدا بنچینەی کەسایەتی تاک دروست دەبێت ، تۆوی گونجاندن نەگونجاندنی لێ سەوزدەبێت ، هەروەک پەندێکی چینی هەیە دەڵێت گرنگی بە ڕیشک بدە لقەکان خۆیان گرنگی بەخۆیان دەدەن ( فەق ،٢٠١٤: ٣٥١).

٢-٢-٥ -٢پێویستە مرۆڤ خۆی بناسێت : خود ناسین یارمەتی تاک دەدات بۆخۆگونجاندنی دەرونی تاک

٢-٢-٦ لەڕێگەی ئەم دوخاڵەی خوارەوە یارمەتیمان دەدات زیاتر شارەزای خۆمان بین خۆمان بناسین

-پێویستە تاک سنوری توانای خۆی بزانێت ، بۆ نمونە خوێندکارێک کۆلێژی تەواوکردووە و دەیەوێت کارێک ئەنجام بدات کە لەگەڵ بڕوانامەکەی دا بگونجێت ، ئەوە کارێکی واقعیە و سەرکەوت و دەبێت تیایدا .

-پێویستە تاک توانا و ئامادەییەکانی خۆی بزانێت نابێت داوای ئامانجێک لەخۆی بکات کە نەتوانێت بەدیبهێنیت (قەرچەتانی، ٢٠٠٦: ٣٩٩).

٢-٢-٧-پیویستە تاک خۆی پەسەند بکات

گونجاندنی دەرونی کار لە ڕەفتار دەکات. بیرکردنەوەکانمان ڕەفتارەکانمان دیاری دەکەن ، هەر بۆیە پێویستە ئاگامان لە ئاڕاستەی دەرونی خۆمان بێت ، خۆمان بناسین و ئاگاداری خاڵی لاواز و بە هێزی خۆمان بین ، شارەزای کاردانەوەکانمان بین بۆ ڕوداوە جۆراوجۆرەکان ( فقێ ، ٢٠١٣: ٨٧) . دەروون و جەستە پەیوەندی ڕاستەخۆیان لەگەڵ یەکتر هەیە کەواتە گونجاندن لە لایەک کار لە لایەنەکەی تر دەکات ، هەر فشارێکی ناوەکی کاردانەوەی دەرەکی لێ دەکەوێتەوە و بە پێچەوانەشەوە ، واتە ئەگەر ئێمە بیرکردنەوەی ئەرێنیمان بۆ بابەتێک هەبوو ، ئەو کاتە ڕەفتاریشمان لەو چوارچێوەدا گونجاو دەبێت کەواتە ئەوە بیرکردنەوەکانمانە ئێمە ئاراستە دەکەن بۆ چۆنیەتی ڕەفتارکردن . ئەگەر بێت و تاک لە ڕوی دەرونیەوە ئەرێنی بوو ڕەفتاریشی باش و وەرگیراو دەبێت . فێربونی ڕەفتارکردن لە منداڵیەوە لە ڕێگەی لاسایکردنەوە دروست دەبێت ، و شێوە دەگرێت لێرە دا ئەمەوێ بڵێم تاکی دروست و گونجاو لەڕوی دەرونیەوە نەک بۆ خۆی بەڵکو سودی بۆ منداڵەکانی و دەوروبەریش دەبێت ( سیڤەر ، ٢٠١٥: ٣١). گونجاندنی دەرونی کار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تاک دەکات . مرۆڤ خۆی لە ژینگەیەکی نوێ وەک زانکۆ دەبینێتەوە ، ئەو هێزانەی کەلەم ژینگەیەدا لە ڕوبەڕیونەوەدان وا زوو جێگیرنابن ، چونکە خوێندن لە زانکۆ جیاوازترە لە ئامادەیی و پێویستی بە تێگەیشتنە نەک لەبەرکردن ، سیستمی وانەوتنەوە ئازادیەکی زیاتر دەبەخشێت بە خوێندکار ، سروشتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیش جیاوازە (عوسمان ، ٢٠٢١: ٥٥). پێداویستی تاک بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی بون ، یەکیکە لە پێداویستیە گرنگەکان لەژیانی هەر تاکێک ،چونکە زۆربەی زانایانی دەرونزانی باس لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکەن باشی و پتەوی لایەنی کۆمەڵایەتی تاک هۆکارێکە بۆ گونجاندنی دەرونی تاک ، کاتێک تاک توانای بەرهەمهێنانی لە بواری کارەکەی دەبێت ئەمە پاڵنەرێک دەبێت بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی لایەنی کۆمەڵایەتی . توانای تاک و بونی وزە لای تاک هۆکارێکە بۆ گونجاندنی دەرونی کە لە ناوەوە سەرچاوەی گرتووە . هەر گۆڕانێک لە ژیانی تاکدا ڕوبدات ئاکامی بەیەکدا هاتنی ئەقڵە لەگەڵ بیرۆکە نوێیەکان . بیرۆکەکان وەڵامن بۆ داهاتوو و ئامرازن بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئامانجەکان . تاک لەڕوی دەرونیەوە ئارام بێت بەرهەمیشی باشتر دەبێت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی سەرکەوت و تر دەبێت . ئەگەر بێت و بڵێن ئایا ئەی باشی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کار لە گونجاندنی دەرونی دەکات لە وەڵامدا دەڵێن بەڵێ ، بەڵام ڕەنگە هەندێ جار ژینگە بەپێی ویستی ئێمە نەبێت ، بەڵام ئەتوانین لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە کۆنترۆڵی باری دەرونی خۆمان بکەین و نەهێڵین ژینگە ئێمە کۆنترۆڵ بکات (احمد، ٢٠٢٠ : ١٥٤)

بیرۆکەو تێروانینی تاک بۆ خۆی ، بە گرنگترین ئەو هۆکارانە دادەنرێت کە کار لە ڕەفتار دەکەن ، ئەگەر تاک تێڕوانینی بۆخۆی نێگەتیڤ بوو ئەوە ڕوبەڕوی هەڵوێستی بێهیوایی ئەو تۆ دەبێتەوە کە هەست بە دەستە پارچەی و شکست بکات ، کە ئەمەش کار لە پلە گونجاندنی کۆمەڵایەتی تاک دەکات ، پاڵ بە تاکەوە دەنێت بەرەو گوشەگیری و پەرەسەندنی هەستی دوژمنکارانە. بۆئەوەی دوربین لە گیانی دژایەتی و دوژمنکارانە پێویستە نەرم بین (واتا پێویستە تاک لەگەڵ گۆرانکاریەکان دا خۆی بگونجێنێت ، چەقبەستوو نەبێت ، کە ئەمەش کارلە گونجاندنی تاک دەکات لەگەڵ ژینگەکەی ، دوو جۆر نەرمی هەیە :

– نەرمی بەهێز: ئەو نەرمیەیە کە تاک بەهۆیەوە لەگەڵ ژینگە نوێیەکەی دەگونجێت ، بەبێ ئەوەی خووە کەسێتیە ڕەسەنەکەی بگۆڕێت.

-نەرمی لاواز : ئەو نەرمیەیە کە بەهۆیەوە تاک نمونە باڵاکانی ژینگە نوێیەکە وەردەگرێت ، و نکوڵی لە کەسێتیە ڕەسەنەکەی خۆی دەکات ئەم جۆرە نەرمی یە دەبێتە هۆی دروست بونی نەگونجاندنی تاک لەگەل خودی خۆی دا ( فەهمی،٢٠١٢ : ٤٥).

٢-٢-٨ ئەو تیۆرانەی کە پەیوەندیان بە بابەتی گونجاندنی دەرونیەوە هەیە

٢-٢-٨ -١ تیۆری بایۆلۆژی

ئەم تیۆرە لەلایەن (داروین ، مندل ، جالتۆن ...) دانراوە دەڵێت تاڕادەیەکی زۆر هۆکاری نەگونجاندنی تاک ، دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆش کەوتنی هەندێ لە خانەکانی لەشی تاک ، کەدەبنەهۆی نەگونجاندن کە بەهۆی لاوازی گوێزەرەوە دەمارییەکانەوە ڕودەدات . بەرزبونەوە ، نزمبونەوەی ئاستی کوێرە گلاندەکان کار لە باری هەڵچونی ، دەرونی ، کۆمەڵایەتی تاکەکەس دەکات. پێگەیشتنی هەڵچونی تاک بریتیە لە توانای دەربڕێنی ڕاستەو خۆی هەموو ئەو هەست و نەستانەی کەتاک لە کاتی بە ئاگای دا پێیان دەگات ، لە بە رانبەر ئەوانی دیکەدا ، وەک پەرچەکردار و وەڵام دانەوە بۆ سەرجەم ئەو پرس و ڕەفتارو هەڵوێستانەی ڕوبەڕوی دەکرێنەوە.(حەمەدمین ، ٢٠١٦) .

٢-٢-٨ -٢ تیۆری مرۆڤایەتی

دامەزرێنەری ئەم تیۆرەیە وەپێی وایە تاک ، توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ژیانی خۆی و بەرەو پێشبردنی هەیە . تاک خاوەن وزەیەکی باشە ، لە ڕەخساندنی هەلی گونجاندن بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی . تاک توانای داهێنان و بەدیهێنانی خودی هەیە . ئارەزووە ناوەکیەکانی تاک پاڵنەرە بۆ بەدیهێنانی خود ، کە تاک لە هەموو قوناغەکانی ژیانی دا هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات . ئەم تیۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو فاکتەرەی کە ڕەفتاری تاک دیاری دەکات ، بریتیە لە پرۆسەی درککردنی تاک بۆ وورووژێنەرەکان ، نەک وورووژێنەرەکان خۆیان ، واتا ئەو ڕێگای کەتاک بەهۆیەوە درک بە ڕوداوەکان دەکات ئەوە شێوازی هەڵسوکەوتی دیاری دەکات ، بەراوبۆچونی ئەم تیۆرە سروشتی تاک و شارەزایی ، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی فێربوون دا کەفێربوون هۆکارێکە بۆگەشەسەندن و گونجاندنی تاک (السفسافە ، ٢٠٠٥: ٧٥).

٢-٢-٨ -٣ تیۆری ڕەفتاری

دامەزرێنەری ئەم تیۆرە زانا (واتسن) ە ، بەڕای واتسن پێویستە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری تاک بکرێت ، لەگەڵ ئەو پاڵنەرانەی کە بەرپۆوی دەبەن ، وە پێی وایە دروست بونی ڕەفتار لە زنجیرەیە ڕوداوەوە دروست دەبێت ، بەشێوەیەک کە بەهۆی وورووژێنەرەکانەوە ( کەهۆکاری ژینگەییە ) ، وەڵام دانەوە و کاردانەوەی فسیولۆجی دروست دەبێت . دەتوانرێت بەهەموو جۆرە وروژێنەرێک لە ڕێگەی مەرجداری کردنەوە وەڵام دانەوە دروست بکەین. ڕەفتاری تاک وەڵام دانەوەیە بۆ کۆمەڵێ وورووژێنەری دیاریکراو کە ئەتوانرێت بپێورێت (الزبید ،٢٠٠٩: ٩٨) .

.

٢-٢-٨ -٤ تیۆری شیکردنەوەی دەرونی نوێ

ئەم تیۆرە بەشێوەیەک لە پرۆسەی گونجاندن دەڕوانێت ، گرنگی نادات بە کاریگەرییە نەرێنیەکانی کۆمەڵەگە ، بەڵکو گرنگی دەدات بە کاریگەریە ئەرێنیەکانی ئەوپەیوەندیە ، بەبۆچونی ئەم تیۆرە ، کۆمەڵگا گرنگە ، بۆداڕشتنەوەی ڕەفتارو دروستکردنی . کۆمەڵگا بەرپرسە لە پێدانی هیوا بە تاکەکان کە توانای گۆڕینی ڕەفتارکانیان هەبێت لە قوناغەکانی داهاتوی ژیانیان دا و کە هەست و سۆزو ڕەفتاری ئەخلاقی هەر لە منداڵیەوە لە ڕێگای شێوازە پەروەردەی دایک و باوک و پەیوەندی نێوان منداڵ و کەسانی تر بنیات دەنرێت (قەرەچەتانی ،٢٠١٦).

شیکردنەوەی تیۆرەکان

تیۆری بایۆلۆجی پرۆسەی گونجاندن و نەگونجاندن دەگەڕێنەوە بۆ هۆکارە جەستەیەکان لەوانە کەم و کوڕی ڕژێنەکان ، یان نەخۆشیە بۆماوەیەکان . تیۆری مرۆڤایەتی ، ئەم تیۆرە جەخت لەسەر بیرکردنەوەی تاک دەکاتەوە ، واتا تاک بەپێی تواناو لێهاتوی خۆی ڕەفتار دەکات گونجاندنیش لە تاکێکە بۆ تاکێکی تر دەگۆرێت ، لەباروودۆخێکەوە بۆ باردۆخێکی تر دەگۆڕێت .تیۆری ڕەفتاری گونجاندن و نەگونجاندنی تاک دەگەڕێنێتەوە بۆ پرۆسەی فێربوون و پەروەردە. هەرتاکێک ئاستی جیاوازی هەیە لە فێربوون دا ، هەروەها هەرخێزان و کۆمەڵگەیەکیش جۆرێک لە پەروەردەکردن پەیرەو دەکەن . تیۆری شیکردنەوەی دەرونی نوێ ، ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵگە دەکاتەوە ، کە بەپێویستی دەزانێت دەرفەت بەتاک بدرێت بۆ ڕاستکردنەوەو گۆڕینی ڕەفتاری نەرێی چونکە تاک هەر ڕەفتارێک بکات لە کۆمەڵگەوە فێربووە.

بەشی سێیەم : چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

١-٣ : میتودی توێژینەوە

میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە ، کە بریتیە لە پشکنینی گشتگیری بۆ بوارێک لە بوارەکانی کۆمەڵگە ، بەئامانجی بەدەستهێنانی زانیاری کە لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دا سودی لێوەردەگیرێت.

دووەم : کومەڵگەو نمونەی توێژینەوە

١-کۆمەڵگەی توێژینەوە : بریتیە لە زانکۆی گەرمیان کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١).بەشەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بریتیە لە (کوردی ، عەرەبی ، کۆمەڵایەتی ، وەرزش ، باخچەی منداڵان ) کە ژمارەی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت (٨٠٨) خوێندکارە .

٢-نموونەی توێژینەوە : خوێندکارانی دەرەوەی شار لە زانکۆی گەرمیان کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت کە ژمارەیان (٤٩) خوێندکارە ، (٢٣) خوێندکاری مێ ، (٢٦) خوێندکاری نێر کە نمونەکە لە بەشەکانی ( کوردی ، عەرەبی ، وەرزش، کۆمەڵایەتی ) وەرگیراون . خشتەی (١) کەڕێژەی ئەو خوێندکارانە پیشان دەدات کە لە توێژینەوەکەدا بەشداریان کردووە

| ژ | بەشی زانستی | نێر | مێ | کۆ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کوردی | ٥ | ٧ | ١٢ | ٢٤,٤٨% |
| ٢ | عەرەبی | ٧ | ٥ | ١٢ | ٢٤,٤٨% |
| ٣ | وەرزش | ٧ | ٤ | ١١ | ٢٢,٤٤% |
| ٤ | کۆمەڵایەتی | ٧ | ٧ | ١٤ | ٢٨,٥٧% |
| | | ٢٦ | ٢٣ | ٤٩ | ١٠٠% |

چوارەم: ئامرازی توێژینەوە

توێژەری فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆکۆکردنەوەی زانیاری و کە فۆرمەکە پێکهاتبوو لە (٣٠) برگە ئاڕاستەی کەسانی پسپۆرو شارەزا کران لە بوارەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی ، کە ئەم بەرێزانەیش تێبینی و سەرنجی خۆیان لەسەر فۆرمەکە نوسیبوو ، لەئەنجام دا ڕاستگۆی ئامرازەکە بریتیبوو لە(٨٠,٦٦ % )

بڕوانە پاشکۆی (١) ، هەروەها  بۆدەرهێنانی جێگیری توێژینەوەکە (١٠)فۆرمان بەهەرەمەکی هەڵبژاردوو س(ژمارە تاکەکان) ص(ژمارە جوتەکان)کە دوای ڕێکخستنی زانیاریەکانی جێگیری ئامرازەکە بریتیبوو لە ( ٧٩%)  بڕوانە پاشکۆی (٢).

ئامڕازی ئاماری بەکارهێنراو

١-ناوەندی شیاوی =ت١*٣+ت٢*٢+ت٣*١/کۆی ت      (صبری ، ٢٠٠٦، ١٠٦)

٢-کێشی سەد   ٢ (ناوەندی شیاوی / بەرزترین کێش) × ١٠٠      (الکبیسي، ٢٠٠٧، ٢٣ )

٣-هاوکێشەی سپێرمان: رس = ١-  (٦ × کۆی ف٢) / (ن (ن٢ – ١ ))      (المنیزل و غرایبة، ٢٠٠٦، ١٤٦)

**بەشی پێنجەم : خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریەکانی توێژینەوەکە**

ئامانجی توێژینەوە ( پێوانەی ئاستی خۆگونجاندنی دەرونی خوێندکارانی دەرەوەی شار لە زانکۆی گەرمیان کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

خشتەی (٢) کە کێشی سەدی و ناوەندی شیاوی بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە دەرهێنراوە بە شێوەیەکی گشتی بۆڕگەزی (نێرومێ)

| ژ | بڕگە | دووبارەکان | | | پلە | ناوەندی شیاوی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٣ | ٢ | ١ | | | |
| ١٦ | بەردەوام واهەست دەکەم لە جەنگدام. | ٤ | ٣ | ٤٢ | ١ | ١,٢٢ | ٩٥,٨١ |
| ٢٢ | متمانەم بەخۆم هەیە لەهەرکوێبم. | ٤٠ | ٦ | ٣ | ٢ | ٢,٧٥ | ٩١,٥٧ |
| ٣٠ | بە هەموو شێوەیەک هەوڵی خۆگونجاندن دەدەم، لەبەر ئەوەی قسەم نەیەتەسەر. | ٣٨ | ٧ | ٤ | ٣ | ٢,٦٩ | ٨٩,٧٩ |
| ٦ | سروشتم وایە، بەزوی لەگەڵ بارودۆخەکان دا دەگونجێم. | ٣٥ | ٧ | ٧ | ٤ | ٢,٥٧ | ٨٥,٧١ |
| ١٨ | ژیان زۆر خۆشە ، هەمیشە بە هیواوە دەژیم. | ٣٢ | ٩ | ٨ | ٥ | ٢,٤٨ | ٨٢,٩٩ |
| ٢٠ | واهەست دەکەم لەشاری خۆم دام، خوێنکارانی ناوخۆزۆرباشن لەگەڵمان. | ٣١ | ١١ | ٧ | ٥ | ٢,٤٨ | ٨٢,٩٩ |
| ١٩ | زۆرئاسودەم و زو هەڵدەکەم ،لەگەڵ بەرزو نزمیەکانی ژیاندا | ٢٨ | ١٥ | ٦ | ٦ | ٢,٤٤ | ٨١,٣٣ |
| ٢٤ | ژینگە بۆمن گرنگ نیە، گرنگ کەسەکانە زۆربەباشی خۆم دەگونجێنم لەگەڵیان. | ٢٩ | ١٢ | ٨ | ٧ | ٢,٤٢ | ٨٠,٩٥ |
| ٢٩ | پێش ئەوەی بێمە داخلی هیچم نەزانی، هەرلە شێوازی مامەڵکردن و چێشت ..داخلی فێری زۆرشتی کردم. | ٢٧ | ٧ | ١٥ | ٨ | ٢,٢٤ | ٧٤,٨٢ |
| ١١ | دەوروبەر بۆمن زۆرگرنگە، زۆرجار هەڵوێستێکی راستی خۆم، لەبەر خەلک وازلیدێنم. | ١٧ | ١٢ | ٢٠ | ٩ | ١,٤٣ | ٦٤,٦٢ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | ژیان زۆر بێڕەحمە لەگەڵم، حەز بەدورکەوتنەوە ناکەم لەماڵ. | ١٥ | ١١ | ٢٣ | ١٠ | ١,٨٣ | ٦١,٢٢ |
| ٢٦ | پێش ئەوەی بێمە داخلی هەرگێزلەماڵ دور نەکەوتمەتەوە، بۆیە هە ست بە نەگونجان دەکەم. | ٨ | ١٥ | ٢٦ | ١١ | ١,٦٣ | ٥٤,٤٢ |
| ١٠ | هەرچی دەکەم هەست دەکەم دەوروبەر بەدڵیان نیم . | ١٠ | ١١ | ٢٨ | ١٢ | ١,٦٣ | ٥٤,٤٢ |
| ٢ | هەست بە بێتاقەتی ، دڵەڕاوکێ دەکەم . | ٤ | ٢٢ | ٢٣ | ١٣ | ١,٦١ | ٥٣,٧٤ |
| ١٧ | هەست دەکەم خوێندکارانی ناوشار ،بەچاوێکی نەرێنیەوەتەماشامان دەکەن . | ٧ | ١٦ | ٢٦ | ١٣ | ١,٦١ | ٥٣,٧٤ |
| ٩ | هەرچەندەهەوڵی خوگونجاندن دەدەم ،دەوروبەر لێم دەشێوێن. | ٥ | ١٩ | ٢٥ | ١٤ | ١,٥٩ | ٥٣,٥٦ |
| ١٢ | تاقەتی تێکەڵیم لەگەڵ کەس نیە. | ٦ | ١٥ | ٢٨ | ١٥ | ١,٥٥ | ٥١,٧٠ |
| ١٣ | هەست بەلاوازی خۆم دەکەم ،لە دەربڕینە بۆچونەکانم دا. | ٣ | ١٩ | ٢٧ | ١٦ | ١,٥١ | ٥٠,٣٤ |
| ١٤ | هەست بە نائومێدی دەکەم لەژیان دا. | ٤ | ١١ | ٣٤ | ١٧ | ١,٣٨ | ٤٩,٢٥ |
| ١ | هەست بەترس دەکەم. | ٥ | ١٣ | ٣١ | ١٨ | ١,٤٦ | ٤٨,٩٧ |
| ٣ | لەهەمووکەسێ گومان دەکەم. | ٦ | ١١ | ٣٢ | ١٨ | ١,٤٦ | ٤٨,٩٧ |
| ٤ | هەست بەشڵەژان دەکەم. | ٥ | ١٣ | ٣١ | ١٨ | ١,٤٦ | ٤٨,٩٧ |
| ٢٥ | لەڕوی مادیەوە باش نیم ،بۆیە ناتوانم لەروی دەرونیەوە خۆم بگونجێنم. | ٥ | ١٣ | ٣١ | ١٨ | ١,٤٦ | ٤٨,٩٧ |
| ٢١ | خوێندکارانی ناوشار هاورێیەتیمان ناکەن. | ٦ | ١٠ | ٣٣ | ١٩ | ١,٤٤ | ٤٨,٢٩ |
| ٢٧ | دوری لە ماڵەوە ،هانمدەدات هەرچیم بوێ بیکەم. | ٨ | ٥ | ٣٦ | ٢٠ | ١,٤٢ | ٤٧,٦١ |
| ٢٨ | بەڕوکەش گونجاوم ، بەڵام لە ناخەوە دەڵێم کەی زانکۆتەواو بکە م . | ١١ | ١٩ | ١٩ | ٢٠ | ١,٤٢ | ٤٧,٦١ |
| ٢٣ | هەرچەند دەکەم ناتوانم خۆم بگونجێنم . | ٥ | ٨ | ٣٦ | ٢١ | ١,٣٦ | ٤٥,٥٧ |
| ٥ | متمانەم بە خۆم نیە. | ٤ | ٨ | ٣٧ | ٢٢ | ١,٣٢ | ٤٤,٩٧ |
| ١٥ | هەست بە ئاسایشی دەرونی | ٥ | ٧ | ٣٧ | ٢٣ | ١,٣٤ | ٤٤,٨٩ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناکەم. | | | | | | |
| ٨ | زوو تووڕەدەبم، لەوەتەی هاتومەتەداخلی . | ٣ | ٦ | ٤٠ | ٢٤ | ١,٢٤ | ٤١,٤٩ |

لەو خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە برگە ئەرێنیەکان تاڕادەیەکی زۆر پلەی بەرزیان بەدەست هێناوە لە ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی دا کە برگەکان (٢٩,٢٤,٢٢,٢٠,١٩,١٨,٦.) کەبەرزترین ناوەندی شیاوی (٢,٧٥)و کێشی سەدی (٩١,٥٧)برگەی (٢٢) کە دەقەکەی دەڵێت ( متمانەم بەخۆم هەیە لەهەرکوێ بم ) ، کە ئەمە واتای ئەوەیە کە ڕێژەیەکی بەرزی خوێندکارانی دەرەوەی شار ، متمانەیان بەخۆیان هەیەو گونجاون لەڕوی دەرونیەوە. هەروەها برگەی (٢٠) کەناوەندی شیاوی (٢,٤٨) کێشی سەدی (٨٢,٩٩) کەدەقەکەی ( واهەست دەکەم لەشاری خۆم دام خوێندکارانی ناوخۆ زۆرباشن لەگەڵمان ) ،کە ئەم برگە دڵخۆشکەرە کەواتە ڕێژەیەکی زۆری خوێندکارانی دەرەوەی شار ڕازی و گونجاون لەگەڵ خوێندکارانی ناوخۆ.

برگەنەرێنیەکان وەکو برگەکانی

( ١,٢,٣,٤,٥,٧,٨,٩,١٠,١١,١٢,١٣,١٤,١٥,١٦,١٧,٢١,٢٣,٢ ) کەبرگەی (١٦) بەرزترین ناوەندی شیاوی (١,٢٢) کێشی سەدی (٩٥,٨١) هەروەها برگەکانی( ١,٣,٤,١٤,١٥,٢٥,٢٧,٢٨) کە ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی برگەکانی توێژینەوەکە پێمان دەڵێت کە ڕێژەی نەگونجاوی خوێندکاران کەمترە لە خوێندکارە گونجاوەکان.

## بەشی شەشەم : ئەنجام و پێشنیار

### یەکەم : ئەنجام

١- توێژەر گەشتووەتە ئەو ئەنجامەی کەخوێندکارانی دەرەوەی شار هەست بە گونجاندنی دەرونی دەکەن .

٢- متمانەبەخۆبوون هۆکاری هەستکردنی خوێندکارانە بە گونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی .

٣- خۆگونجاندنی ئەرێنی لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان دا هۆکارێکی دیکەی گونجاندنی دەرونی خوێندکارانە.

### سێیەم : پێشنیارەکان

١-پێشنیار دەکەم بایەخ بەخوێندکارانی دەرەوەی شاربدرێت و ڕێزیان لێ بگیرێت و گوێ لە داواکاریە ڕەواکانیان بگیرێت

٢-ئەنجام دانی توێژینەوە لەسەر خۆگونجاندنی دەرونی خوێندکارانی دەرەوەی شار لەسەرجەم کۆلێژەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان .

٣-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕاوی تردا.

٤-پێشنیار دەکەم کە لەلایەن پسپۆڕانی دەرونیەوە کۆرو سمینار بکرێت ، بۆ خوێندکارانی دەرەوەی شار لە پێناو شارەزابوونی زیاتر لەسەر چەمکی خۆگونجاندنی دەرونی خود . پێدانی ڕێنمای گونجاو بۆچۆنیەتی پست بەخۆبەستن .

## سەرچاوەکان


سەرچاوە کوردیەکان :

١-ابرن ، راند (٢٠١٧): راز ، چاپخانەی گەنجان ،چاپی دووەم ، سلیمانی.

٢-احمد، عزالدین ( ٢٠٢٠): سایکۆلۆژیای ئەرێنی ، چاپخانەی فێربوون ،چاپی یەکەم ،هەولێر.

٣-بوزان،تۆنی (٢٠١٠):مێشک و بەکارهێنانی توانایی سنورەکان ،چاپی یەکەم

٤-حەمەصاڵح،یوسف(٢٠١٩):کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ ، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە ، چاپی دووەم ، سلێمانی

٥-حەمەدمین ، ڕەمەزان (٢٠١٦): سایکۆلۆژیای منداڵ لە باخچەی منداڵان ، کتخانەی سۆفیا(کۆیە)،چاپی یەکەم ،کۆیە

٦-سیڤەر،د.سال (٢٠١٥) : چۆن لەگەڵ منداڵەکەم ڕەفتار بکەم ، چوارچرا ،چاپی یەکەم ، سلیمانی

٧-عوسمان، نازەنین (٢٠٢١):بنەماکانی دەروندروستی ، دەزگای چاپ و پەخشی نارین ، چاپی یەکەم ، هەولێر

٨-صالح ، میران (٢٠١٦): پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکانی خوێندن لای فێرخوازانی زانکۆ ، گۆڤاری زانگۆی گەرمیان ، ژمارە (١٠).

٩-فەهمی ، مستەفا ( ٢٠١٢): دروستی دەرونی ، چاپخانەی نارین ، چاپی یەکەم ، هەولێر.

١٠-فەقێ ، ئیبراهیم ( ٢٠١٤): هونەری سەرکردایەتی کردنی کارا ، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ، چاپی یەکەم ، سلیمانی.

١١-فقێ ، ابراهیم ( ٢٠١٣): چۆن کونترۆڵی هەستەکانمان بکەین ، چاپی چوارەم ، سلێمانی.

١٢-قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ( ٢٠٠٦): دەرونزانی گشتی ، چاپی یەکەم ، هەولێر.

١٣- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف(٢٠١٦):سلیکۆلۆژیای گەشە (قۆناغی منداڵی)،چاپخانەی پیرەمێرد،چاپی دووەم ،سلێمانی
١٤-محمد ، ئەفرام ( ٢٠٢٠): ئیسلام ونەخۆشی دەرونی .چاپخانەی ڕێنوێن. چاپی یەکەم.سلێمانی .
سەرچاوە عەربیەکان:
١-الزبید،کامل ( ٢٠٠٩): علم نفس النمو، عمان ،دارزهران،الاردن.
٢-السفاسفه، محمد( ٢٠٠٥): مباداء السحی النفسیه، الکرک، مرکزیزیدللنشر ، الاردن.
٢-الکبیسی ،عبدالواحید ،٢٠٠٧ ،القیاس و التقویم،دارالمناهج للنشروالتوزیع ،عمان. ،عمان الاردن .
دارللکتابالعالمی ،عمان الاردن . Spss ٤-صبری ، عزام عبدالرحمان ، ٢٠٠٦، الحصاءالوصفی و نظام
٥-ویس،ساحب اسعد (٢٠١٠): التوافق الدراسی طلبه الجامعه ،جامعەتکریت ، کلیه التربیه سامراء. دارللکتابالعالمی

## مستوى التكيف النفسي لطلاب خارج المدينة في كلية التربية الأساسية / جامعة كرميان


### ملخص البحث

تعتبر التكيف النفسي من أحد أهم المواضيع في علم النفس ، من خلاله يتم الحكم على مستوى الصحة النفسية للفرد ما إذا كان مستقر أو مختل نفسياً الى حد بعيد ، لأنه إذا كان الفرد متكيفاً مع نفسه بالدرجة الأولى فإنه يتكيف مع الأفراد من حوله وهكذا تكون الشخص ناجحاً في علاقاته الإجتماعية والتي تشير الى الصحة النفسية لدى الفرد. هذا البحث تتناول (مستوى التكيف النفسي لطلاب خارج المدينة في كلية التربية الأساسية / جامعة كرميان - كلية التربية الأساسية - بحث ميداني) بهدف معرفة مدى التكييف النفسي لطلاب خارج المدينة مع طلاب المدينة، هل ان سبب التكييف ذاتية ام بيئية، لذلك إستخدم في البحث (٤٩) طالباً خارج المدينة في أقسام التالية (الكردية ، العربية، الإجتماعية، الرياضة) ومن جميع المراحل بصورة عشوائية، تم إستخدام طريقة الوصف التحليلي في البحث، توصل الباحث الى نتيجة أن طلاب خارج المدينة يشعرون نسبياً بالتكييف النفسي مع النفس ومع طلاب داخل المدينة.


Sairan mohammed rashid mahmod1

## The level of psychological adaption of students outside the city in the college of Basic Education /Garmian University


### Abstract

Psychological adaption is one of the most vital topics in psychology, through which the level of psychological health of the individual is decided. Whether he is stable or psychological impaired because if the individual is adapted to himself in the first step, he adjusts to the individuals around him. Thus, the person is successful in his social relations, which hints to the mental health of the individual. This thesis deals with (the level of psychological adjustment of students outside the city in the college of Basic Education /Garmian University, field research). The aim of this study was to explore the psychological adaption of students outside the city with students of the city, whether the cause of individual nonconformity is self or environmental. in total (49) students outside responded in the following sections (Kurdish, Arabic, social, sport), and from all stages randomly, the most notable finding was that students outside the city feel relatively psychology adaption with themselves and with students inside the city.


Keywords: psychological adaptation, students outside the city, self-adaptation, social adaptation.

[1] [illegible]

پاشکۆی (١)

ڕاستێتی فۆرمی ڕاپرسی

| ژ | ناو | ژ.بڕگە گونجاوەکان | ژ.بڕگە نەگونجاوەکان | ژ.بڕگە هەموارکراوەکان | پلەی ڕاستێتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. حسین اسماعیل | ٢٢ | ٨ | / | %٧٣,٣٣ |
| ٢ | پ.ی.د.کریم احمد عزیز | ٢٨ | / | ٢ | %٩٣,٣٣ |
| ٣ | د.محمودحمەکریم | ٢٨ | ١ | ١ | %٩٣,٣٣ |
| ٤ | م. سیروان عاصی | ٢٥ | ١ | ٤ | %٨٣,٣٣ |
| ٥ | م.هێمن اسماعیل | ٢٢ | ٧ | ١ | %٧٣,٣٣ |
| | | ١٢١ | ١٧ | ١٢ | |

کۆی برگەکان = ٣٠

ژ.پسپۆران =٥

ژ.بڕگە گونجاوەکان = ١٢١

ژ. بڕگە نەگونجاوەکان =١٧

ژ. بڕگە هەموارکراوەکان = ١٢

کەواتە ژ. بڕگە گونجاوەکان / ژ.بڕگەکانی ئامراز× ١٠٠

کەواتە پلەی ڕلستێتی پێوەرەکە=٨٠,٦٦

پاشکۆی (٢)

جێگیری فۆرمی ڕاپرسی

| ژ | س | ص | رس | رص | س-ص=ف | ف٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٣ | ٣٢ | ٢,٥ | ١,٥ | ١ | ١ |
| ٢ | ٢٢ | ٢٩ | ٣ | ٣ | ٠ | ٠ |
| ٣ | ١٧ | ٢٧ | ٧,٥ | ٤,٥ | ٣ | ٩ |
| ٤ | ١٩ | ٢٥ | ٦,٥ | ٥ | ١,٥ | ٢,٢٥ |
| ٥ | ٢٣ | ٢٧ | ٢,٥ | ٤,٥ | ٢- | ٤ |
| ٦ | ٢٦ | ٣٢ | ١ | ١,٥ | ٠,٥- | ٠,٢٥ |
| ٧ | ٢٠ | ٢٧ | ٥ | ٤,٥ | ٠,٥ | ٠,٢٥ |
| ٨ | ١٩ | ٢٧ | ٦,٥ | ٤,٥ | ٢ | ٤ |
| ٩ | ٢١ | ٣٢ | ٤,٥ | ١,٥ | ٣ | ٩ |
| ١٠ | ٢١ | ٣١ | ٤,٥ | ٢ | ٢,٥ | ٦,٢٥ |

یاسای سپیرمان =١-٦کۆی ف٢/ن(ن٢-١)

٠,٢١-١

=٠,٧٩